سودانی سەرپەرشتی کۆبونەوەیەکی تایبەت بەو خشتەکانی یاسای بودجەی 2024 دەکات

محەمەد شیاع سودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق ئەمڕۆ دوشەممە سەرپەرشتی کۆبونەوەیەکی تایبەتی کرد بۆ تاوتوێکردنی خشتەکانی بودجەی گشتی فیدڕاڵی بۆ ساڵی 2024 و ڕایگەیاند، پێویستە گرنگی بەو پرۆژانە بدرێت کە کە نزیکن لە تەواوبون، هەگەڵ ئەو پڕۆژانەی ژێرخانی ئابوریان هەیە.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆك وەزیرانی عێراق باوێکردەوە، محەمەد شیاع سودانی سەرۆك وەزیران سەرپەرشتی کۆبونەوەیەکی تایبەتی کرد، بۆ تاوتوێکردنی خشتەکانی بودجەی گشتی فیدڕاڵی بۆ ساڵی 2024، و خستنەڕوی کارەڵەپێشینەکان لە بەشەکانی یاساکە بەتایبەت لەڕوی خەرجیەکان و پشتگیریکردنی خزمەتگوزاری، پڕۆژە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان، پڕۆژە ستراتیژییەکان، لە چوارچێوەی بودجەی سێ ساڵی (2023، 2024، 2025)دا.

محەمەد شیاع سودانی ئاماژەی بەوەشکردوە، "پێویستە گرنگی بەو پرۆژانە بدرێت کە کە نزیکن لە تەواوبون، لەگەڵ ئەو پڕۆژانەی ژێرخانی ئابوریان هەیە، جگە لەو پڕۆژانەی کە زۆرترین ژمارەی هەلیکار دەڕەخسێنن، هەروەها پرۆژەکانی بواری خزمەتگوزاری، تەندروستی و

پەداویستییەکەمەڵایەتییەکان کە لە پێش پەداویستییەگشتییەکانی دیکەوەن".

سەرۆك وەزیرانی عێراق جەختیشیکردەوە، "ئەو سەرکەوتنەی لە جێبەجێکردنی بودجەی 2023دا بەدی دەکرێت، دەبێت وەبەرهێنانی تێدا بکرێت لە تەواوکردنی ئەو پڕۆژە ئابوریانەی کە ماون، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بە لایەنەکانی چاکسازی ئابوری، وەبەرهێنان، بنیاتنانی ژێرخانی بوارەکانی گواستنەوە، تەندروستی، خزمەتگوزاری شارەوانی، و پاپشتیکردن و بەرنامەی کشتوکاڵی و پیشەسازییەبەرهەمدارەکان".

لەڕووی گەشەپێدانی هەمەلایەنە و لامەرکەزی ئیداریدا، سەرۆك وەزیرانی عێراق جەختی لە "گرنگی هەڵبژاردنی ئەو پڕۆژانەی کردەوە کە لەپێشینەیان هەیە لە تەرخانکردنەکان بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان، بەجۆرێك ڕۆگە بە بەدەستهێنانی بەرزترین داهات دەدات، لەسەر ئاستی دامەزراندن و گەشەپێدان و جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەسەرەتاییەکان بۆ سەرجەم هاوڵاتیان لە سەرتاسەری عێراق".